وی با اشاره به اینکه نرخ بیکاری در کردستان در پاییز سالجاری به ۸/۹ درصد کاهش یافت، تصریح کرد: این نسبت در مقایسه با مدت مشابه سال گذشته به طور قابل ملاحظه‌ای کاهش پیدا کرده و بیشترین میزان کاهش نرخ بیکاری در کشور مربوط به استان کردستان است.

وی همچنین بیان کرد: به استناد گزارش‌های سازمان برنامه و بودجه کشور، نرخ رشد اقتصادی شش ماهه اول سالجاری به ۷ درصد رسیده است. رئیس سازمان مدیریت و برنامه‌ریزی استان کردستان اضافه کرد: برای نخستین بار دولت و سازمان برنامه و بودجه کشور در راستای اصلاح ساختار بودجه اقدام به حذف حساب‌های متعدد و ایجاد حساب واحد خزانه کرد که خروجی آن ایجاد شفافیت، انضباط‌بخشی به فرآیند بودجه‌ریزی و پرداخت به ذی‌نفع نهایی به صورت مستقیم است.

محمدی با بیان اینکه این مهم مراحل نهایی خود را طی می‌کند گفت: اجرایی شدن این قانون مزایای زیادی از جمله ایجاد شفافیت و انضباط مالی در حوزه اعتبارات هزینه‌ای خواهد شد.

رئیس سازمان مدیریت و برنامه‌ریزی استان کردستان با اشاره به اینکه سال ۱۴۰۲ در بخش اعتبارات هزینه‌ای با کسری حقوق مواجه بودیم، افزود: در پایان دی ماه با توجه به پیگیری‌های مجدانه استاندار کردستان و سازمان مدیریت و برنامه ریزی استان و مساعدت رئیس سازمان بودجه و بودجه کشور توانستیم کسری حقوق را تامین کنیم.

دبیر شورای برنامه ریزی و توسعه استان کردستان افزود: به لحاظ درآمدهای مصوب بنده نیز خوشبختانه امسال به طور مطلوب مدیریت شد و در بخش دریافت یک درصد از فروش معادن و اخذ مالیات عملکردی از واحدهای بزرگ هم اقدامات خوبی صورت گرفت و چندین واحد بزرگ استان هم تعامل خوبی در این راستا داشتند.

به گفته محمدی، تعدادی از وزارتخانه‌ها در استان دارای چند دستگاه زیرمجموعه هستند که تنها یک نماینده آنها در جلسات شورای برنامه‌ریزی حضور دارد که انتظار داریم انتقال رسانی موارد مطرح شده و مصوبات شورا توسط این نماینده‌ها به دستگاه‌های هم خانواده انجام شود.

وی در پایان با بیان این که شورای برنامه‌ریزی و توسعه استان به استناد بند (ب) ماده ۸۹ قانون الحاق متولی واگذاری حق بهره‌برداری از املاک مازاد دستگاه‌های اجرایی استان می‌باشد، گفت: در همین راستا با رای اکثریت اعضا، حق بهره‌برداری از ساختمان غله به استانداری کردستان برای احداث مجتمع توانمندسازی اقشار آسیب‌پذیر واگذار گردید.

بێژە تۆ مانگ لە کوێیە، وێنە لێم؟

محەمەدسالەح عەلا
وەرگێڕ: سەلاحەددین ناشتی

بێژە تۆ مانگ لەکوێیە، وێنە لێم؟
تۆ وەرە و بمبەوە ماڵ
دڵی من نابینی،
هەتەریکی ناکا!
بێژە تۆ ئامی چییە ئاخ‌وداخ؟
بێژە تۆ بۆچی دەبارێنی هەور؟
با چ ستراتی دەچرپێنی بە گوێی دار و دەوەن‌دا لە ئەهێن؟
سەروی شیرازی لەبۆ ئازادە؟
دڕکەزی بۆچی دەمی پڕ لە گڕی هاوارە؟
ئێرە کام شارە، ئەکا ئێرە بی ئەو جابلقا؟
ئێمە وێنەوین لەکوێ؟
کوێرەکۆلان لەبەرچی بنەکەی بزرە لە چاو؟
بێژە تۆ مانگ لە کوێیە، وێنە لێم؟
تۆ وەرە و بمبەوە ماڵ
دڵی من نابینی
هەتەریکی ناکا!

دوو شێعر لە "حوسەین پەناهی"

وەرگێڕ: حەمیدە بینەندە (هۆنە)

(١)

تەشق چۆن دەتووسرێ
لە تیپەڕینی ئەم ساتە بەهەڵپەی شەواتە
کە بە کەمتەرخەمیی ئەو پرسیارە بێوەڵامە تێپەڕی
ئەتانەت دەرقەتی دروشم بۆ ئەماوە
ئەگینا چاوم لێک دەنێا و گوێم لە گورانییەک دەگرت
کە لەو گورانییەدا دڵێک هاوار دەکات
من تۆ
ئەو
کەسێکم خۆش ئەوێت.

(٢)

بی‌گومان جیهان بە ئەشقی کەسێکەوە خۆلقاوە
وەکوو من کە خۆلقاندوومە لە ئەشق،
جیهانی بۆ تۆ!

ناخەونیٚ خۆشتر لە ئەوین

سۆران حوسێنی

ئەتیشکاوە بە دەڵاقەی هیچ دڵێکا عەشق
مەگەر ڕووناک!

ئەچرپاوە بە کلۆرایی هیچ ناخێکا
مەگەر ئەرم!

ئەخلیسکاوە
بە سەر سنگی هیچ دەروونێکا حەز
مەگەر دڵگر!
چ ڕیزمانێکی شلکە و چ ڕاوێژێکە عەیار! خۆشەویستی
خلیسکانێکە لەوەرزی جوانی
و
جۆلانەیە لە کەشێکی تەرچگ
و
هەڵفرینە بەکانی خەوبینین.

نە سرینەوەی شووشەکانی هەست و کردنەوەی پێلوەکانی
ئەنیایی
و بەرگەی ناگرن
نە پەنجەکانی دواکەوتن
نەگزینگاوە هیچ خۆرێک لە خۆشەویستی شیرینتر نە
درەوشاوە هیچ ئاسۆیەک دڵرفینتر
لە جیژوان!

خۆزگە دەستی پی ڕانەدەگەیشت درۆ بەم جوگرافیایە لە
فیردەوس تا نەروشایەت ناخ ئاشو خالیک نەگەیشتایەت بە
گیان!
قوول!
تارەزوو لێرەوە دەرەنگی
گەش تاسە لەویوە دەنەخشی سوور تا من خلیسکێن بکەم
وەک گزینگ بەسەر سینگی شلک و خزی ڕێکەوەندیکەوە
بۆ ئەوین با تۆ نە پیلووت داکەوی و

دوو شێعر لە "ئەحمەد ئیسماعیلی (شاکار)"

(١)

چیای ڕەندۆڵە

بۆ سی شاخەوانە کۆچکردووەکەی چیای ڕەندۆڵە
لێرە چیا، سەخت و دژوارە
لێرە چیا، بەدفەڕ و هارە
لێرە بەفر، چلوورەیە و
هەر چلوورە سیخ و شمشێرە
هۆ چیا، لێرە ئارام بگرە
من شاخەوانم
ڕۆڵەی ئەو خاکەم
بۆ نیشتیمان
ئاگرە ئەو ئاخەم
لەگەڵ هەر ئەستەمێک دەجەنگم
سینگی هەر درندەیەکی دەدرم
هۆ چیا
دەزانی شاخەوان هەڵوێە
قەت ئاوەستی، بەرزەمزە
هێچ لە مردن ئاترسی مێرە ...
هەڵو لانەکەی دووندە
هەر لە بەرزی دەڕوانی
لەو دەگری سێرە

(٢)

دایـــک

بۆ ڕۆژی دایک

ئەم هەواڵە بدەن بە هەمووی گۆی زەوی
بیچرپێنن بە گوێی دارا
بە گوێی
هەرشوێنی گوند و شارا
ئەوەی هەیە لەم بوونەیە
...
ئەم هەواڵە
بدەن بە هەیف و خۆر
بە هەرچی هەیە لە ئاک و کۆر
ئەوەی ماوە و ئەوەی لە گۆر
لەگەڵ باران با ببارێ
با بچێتە هەر جێ هەواری
...
ئەم هەواڵە بدەن
بەدەس سروە و شنەی بایە
ئەوەی ئەستێرە، فریشتە، دیاری خوایە
بەتەنیایی ... بە تەنیایی
وشەی دایکە و وەشەی دایە

دوو شێعر لە "سەید عەلی سالحی"

وەرگێڕ: پاشای باران

(١)

هاوپۆلییەکی ئەو ساڵانە

وتی:
کێڵەکەشت بۆ
بەندیخانە دەبەینەوە.

وتی:
ئەتانەت
گڵی گڵکۆکەشت
بە بای بی‌تابڕوو دەسپێرین.

وتی:
بەم ئاو و بەڕاوە
دڵت خۆش ئەبێ،
ئاو و بووسراوەکانت ... گشتیان
لە هەڵاتەهەڵاتی ئاو و ئاندا
وێن دەکەن.
ژیر بە
بۆ هەڵەلەی هەر ئەو ڕاستییە مردووە بگەڕێوە!

لە وڵاتێکا وا ژمارەی بەندیخانەکان
زۆرترە لە بووسراوە و پینووسەکانمان،
تووڵی تەمی
چ کەلێکێکی بۆ باخچەی بی هەنار و پەرەسێلکە
دەبێ ...؟!

(٢)

دوایی بەسەرهاتەکە ... با بمێنێتەوە بۆ دواتر!

پەپوولە ... دواجار
لەنێوان لاپەڕەی
پەرتووەکەکاندا ڕزگاری دەبێ،
کەچی من هێشتا
خەریکی هەزار پەراوی شەوی نەنووسراوم.

باڵندە ... دواجار
لە بەندیخانەی چاوەڕوانیدا
ڕزگاری دەبێ،
کەچی من هێشتا
خەریکی دوو چلە گەزوی هەڵەی سیمرم.

مرۆڤ ... مرۆڤ
دواجار لە سزای چارەنووس
ڕزگاری دەبێ،
کەچی من هەروا
خەریکی ئەو خولەکەم کەوا تۆ هەمیسان
لەو دیو دەرگەی داخراوەوە بڵێی:
منم ...!

نە دەست هەڵبگرە لە چرپاندنی ڕووناکی و ئەواز بینە لە
خەوناوینترین هەڵفرین

درۆ چییە بێجگە لە دەروازەی لەرزۆکی قەڵایەک کە نابێتە
پەسیو بۆ هیچ ئیرەیەک لەواتا خۆ بدە بە دەست ئەم
ڕیگایەوە لە خلیسکین خۆ بسپێرە بەم ئاسمانەوە لە
جۆلانەو خۆ باوێژە باوەشی کەشێکەوە لە هەڵفرین ئیرا!

ناخەونیٚ خۆشتر لە ئەوین مرۆڤ.

چەمکە ئەدەبییەکان

ئۆرێنا ریما مەکداریک

تیۆرییەکانی وەرگێڕان

(Theories of Translation) **(٥)**

لە قۆناغی ڕەنسانسیکەکان بەملاوە، تیۆریزانانی وەرگێڕانی ئەدەبی تیکڕا ئەفلاتوونی بوونە. ئەگەر وەرگێڕان دەستیەرکەری دریژەی ژیانی دەق بێت، ئەوا ئامانجی وەرگێڕان نە "پیوەندی"یە و نە "گواستنەوەی مانا". لە ڕاستیدا، لە جەمسەرێکی پەیوەستار، والتر بنیامین دانیشتووە کە ئارەزوو دەکا زمان دواجار خۆی لە داوی مانا -بە واتا باوەکەی- ڕزگار بکا؛ بۆوەی بتوانی بگاتە ئاست و پێگەی "زمانی ڕەسەن". ڕێک وەک پەکەمین وەرگێڕانی جووی ئینفیل، تیۆریزانانێک کە بیرۆکەیەکی لەو جەشنەیان هەیە، داوا لە وەرگێڕان دەکەن کە ئەواو پابەندی وشە بن، تا بە وتەی ئیمتاینیر، "وزەی مانا" بتوانی بە هەمان لیهاتوویی دەقی سەرەتا لە دەقی ئامانجیشدا دەرکەوێت.

تیۆریزانانێک کە لایەنگری لە وەها بیرۆکەیەک دەکەن، پیویست ناکا بە ئەواوەتی قبوولی بکەن. ئێزرا پاوند بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەر ئەندیشەیەک ڕێتمی تایبەتی خۆی هەیە، ئیتر گرینگ نییە کە زمان و وەرگێڕانی خودی ئەو تا چ ڕادەیەک پەیجوراندنە ئەو پرینسیپە ڕەچاو دەکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەو لای وایە کە وەرگێڕ دەبێ "ئەرچکی و پاراوی بە دەق ببەخشێت"، چونکە ئەو دەق ئاراستەی کۆمەڵگایەکی تر دەکات کە "ئۆشەبەرەی ژەینی"ی تایبەتی خۆی هەیە و دەق بە جل‌وبەرگی زمانێکی تر ئاراستە دەکات کە ڕیسا و تۆرمی تایبەتی خۆی هەیە. پاوند لەم خاڵەدا هاوڕای باکۆبسینە کە زمانەکان لەوی دەبێ بیلێن جیاوازن، ئەک لەوی دەتوانن بیلێن. بەمجورە، لە کارادانەوە بە خۆراگرییەک کە زمان و ئەرێتی نوێ لە دەقی ئامانجدا دەبڕووژێنن، وەرگێڕان دەبێتە ڕەخنەی دەقی سەرەکی: وەرگێڕان "پەرەنگێکی نوێ دەگرێتە سەر دەق". ئەمە بۆ چوونی ئیو بۆنفوایە. ئەو بە ڕوانگەیەکی زمانناسانەتر، دەڵێ مادام کە ئامانجی وەرگێڕان خولقاندنە، وەرگێڕان لەگەڵ زمان لە ململانێدا دەبێت. وەرگێڕان بە ناوبژێتی نورمە جۆراوجۆرەکانی ئەزموون، چەمکسازی و دەلالەت کە جەوهەری زمانی ئامانجن، دەبێتە تاقیکارییەک بۆ تایبەتمەندییەکانی بەرهەم. مرۆڤ هەست دەکا کە بۆنفوا دەیەوێ شتێکی هاوناست بەرهەم بێنێت. ئەو لە دەقێک دەگەڕێت کە لە جوارچێوەی پێکهاتەیەکی زمانی و فەرهەنگیی جیاواز، نزیکە لە دەقی سەرەکی.

هاوناستی وەک ئامانجی وەرگێڕان بایەتێکی پڕ کێشەیە. ماوەیەکی دوور و درێژ ئەم بایەتە وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر وێنا دەکرا کە هاوناستی یەکە دەقینەکان دەبێ بە هۆی هۆکارگەلێکی تری وەک فەرهەنگی ئامانج و چاوەڕوانییەکانی خوێنەر لە وەرگێڕان، جیاوازیگەلێکی وردبینانەی لەگەڵ سەرەکیی هەبێت. لەو جێگەی تیۆریزانانی زمانناسی سەبارەت بە کاربوردناسیی زمان دەدوێن، ڕۆمان باکۆبسین جەخت لە ئەمەگداریتی بە "بایەخەکان" لە دەقی ئامانج دەکات. هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان شەبەنگێک دروست دەکەن کە لە جەمسەرێکیدا، قبوولکردنی بی‌ئەملا و ئەولای "هاوناستیی جالاک" لە ڕۆریەی بەرهەمگەلی "قوتابخانەی هاوبینیی زمانناسی"دا جی دەگرن، و لە جەمسەری بەرامبەریدا، قبوولکردنی بی‌ئەملا و ئەولای ئامۆیی لە لایەن پیرەوانی دەروونیی والتر بنیامین. ململانێیی سەرەکی بەدەوری ئەم پرسیارەوە دەخولێتەوە کە ئایا دەکری فۆرمی ئەدەبیی لۆکالیی زمانی سەرەتا لە زمانی ئامانجدا بەرهەم بهێنرێتەوە. ململانێ لە سەر بایەخە هونەری و میتافیزیکانی فۆرمی ئەدەبی لە زمانی سەرەتا و ئامانج، و هەروەها لە سەر پرسگەلێکە کە دەروەستیان بە خولقاندنی "بایەخە" یەکسانەکان لە زمانی ئامانجەوە هەیە -گریمان کە ئەم بایەخانە بیچمێکی هاوناستی بیچمی زمانی سەرەتا بە خۆوە بگرن-.

نوبت دوم

آگهی موضوع ماده ۳ قانون تعیین تکلیف وضعیت ثبتی اراضی و ساختمانهای فاقد سند رسمی

برابر آراء صادره هیات موضوع قانون تعیین تکلیف وضعیت ثبتی اراضی و ساختمانهای فاقد سند رسمی مستقر در واحد ثبتی بانه تصرفات مالکانه و بلامعارض متقاضیان محرز گردیده است لذا مشخصات متقاضی و ملک مورد تقاضا به شرح ذیل به منظور اطلاع عموم در دو نوبت به فاصله ۱۵ روز آگهی می‌شود در صورتی که اشخاص نسبت به صدور سند مالکیت متقاضیان اعتراضی داشته باشند می‌توانند از تاریخ انتشار اولین آگهی به مدت دو ماه اعتراض خود را به اداره ثبت اسناد و املاک محل تسلیم و پس از اخذ رسید ظرف مدت یک ماه از تاریخ تسلیم اعتراض دادخواست خود را به مرجع قضایی تقدیم نمایند. بدیهی است در صورت انقضای مدت مذکور و عدم وصول اعتراض طبق مقررات سند مالکیت صادر خواهد شد.

بخش ۷ بانه

۱- خانم جمیله گل‌محمدی فرزند عزیز نسبت به یک دانگ مشاع از ششدانگ یک قطعه زمین مزروعی تحت پلاک ۱۶۹۸- اصلی به مساحت ۲۲۴۵۹/۲۳ مترمربع واقع در بانه جنب تالار آریانا

دهستان شوی قطعه ۴

۲- آقای سید امیر حسینی فرزند سید محمدامین نسبت به ششدانگ یک قطعه باغ جزء پلاک ۸- اصلی به مساحت ۵۳۰۶/۲۴ مترمربع واقع در روستای نزو

۳- آقای سید امیر حسینی فرزند سید محمدامین نسبت به ششدانگ یک قطعه باغ جزء پلاک ۸- اصلی به مساحت ۳۷۴۱/۴۵ مترمربع واقع در روستای نزو

دهستان نمشیر قطعه ۵

٤- آقای جمال قادری فرزند غفور نسبت به ششدانگ یک قطعه زمین مزروعی دیمی جزء پلاک ۱۷- اصلی به مساحت ۱۷۱٤ مترمربع واقع در روستای هلو

۵- آقای جمال قادری فرزند غفور نسبت به ششدانگ یک قطعه باغ جزء پلاک ۱۷- اصلی به مساحت ۱۷٤٦/۱۰ مترمربع واقع در روستای هلو

۶- آقای جمال قادری فرزند غفور نسبت به ششدانگ یک قطعه باغ جزء پلاک ۱۷- اصلی به مساحت ٤۷۹۷ مترمربع واقع در روستای هلو

دهستان دشت نال قطعه ۶

۷- آقای عزت شریفی فرزند محمد نسبت به ششدانگ یک قطعه زمین زراعی جزء پلاک ۵۵ فرعی از ٤- اصلی به مساحت ۱٤۰۲/٤۹ مترمربع واقع در کانی‌سور

۸- آقای خالد شریفی فرزند محمد نسبت به ششدانگ یک قطعه زمین زراعی جزء پلاک ٤- اصلی به مساحت ۲۲۹۸/۹۹ مترمربع واقع در کانی‌سور

۹- آقای لقمان شریفی فرزند محمد نسبت به ششدانگ یک قطعه زمین زراعی جزء پلاک ۵۵ فرعی از ٤- اصلی به مساحت ۲۲۲۱/۸ مترمربع واقع در کانی‌سور

۱۰- آقای لقمان شریفی فرزند محمد نسبت به ششدانگ یک قطعه زمین زراعی جزء پلاک ۵۵ فرعی از ٤- اصلی به مساحت ۲۲۵۰ مترمربع واقع در کانی‌سور

۱۱- خانم قمری شریفی فرزند محمد نسبت به ششدانگ یک قطعه زمین زراعی جزء پلاک ۵۵ فرعی از ٤- اصلی به مساحت ۱۱۵۷/۳٤ مترمربع واقع در کانی‌سور

۱۲- آقای صالح مولائی فرزند رسول نسبت به ششدانگ یک قطعه باغ جزء پلاک ۱۵ فرعی از ۲۹- اصلی به مساحت ٤٦٤۳/۵ مترمربع واقع در روستای زرواو سفلی

۱۳- آقای مهدی قادری فرزند معروف نسبت به ششدانگ یک قطعه باغ آبی جزء پلاک ۲۲- اصلی به مساحت ۱٤۰۵۰ مترمربع واقع در کانی سیب

۱٤- آقای فریدون رستمی فرزند انور نسبت به ششدانگ یک قطعه زمین زراعی جزء پلاک ۱۳۰ فرعی از ٤- اصلی به مساحت ۳٤۵۵/۱۹ مترمربع واقع در کانی‌سور

۱۵- آقای خالد عزیزپور فرزند مصطفی نسبت به سه دانگ مشاع از ششدانگ یک قطعه باغ جزء پلاک ۱۶۹ فرعی از ٤- اصلی به مساحت ۳۰۳۷/۵۹ مترمربع واقع در کانی‌سور

۱۶- آقای عثمان عزیزپور فرزند مصطفی نسبت به سه دانگ مشاع از ششدانگ یک قطعه باغ جزء پلاک ۱۶۹ فرعی از ٤- اصلی به مساحت ۳۰۳۷/۵۹ مترمربع واقع در کانی‌سور

دهستان نازان قطعه ۸

۱۷- آقای جمال محبوبی فرزند سعید نسبت به ششدانگ یک قطعه زمین زراعی جزء پلاک ۱۲- اصلی به مساحت ۲۲۳٤/۱۶ مترمربع واقع در روستای کوخ شیخ الاسلام

۱۸- آقای جمال محبوبی فرزند سعید نسبت به ششدانگ یک قطعه باغ جزء پلاک ۱۲- اصلی به مساحت ۶۷۹۲/۹۹ مترمربع واقع در روستای کوخ شیخ الاسلام

دهستان پشت آربابا قطعه ۹

۱۹- آقای دابر درویشیان فرزند محمد نسبت به ششدانگ یک قطعه باغ جزء پلاک ۳۷- اصلی به مساحت ۳۸۵۲/۷۵ مترمربع واقع در روستای میرحسام

دهستان نئور قطعه ۱۰

۲۰- آقای بختیار کریم‌پور فرزند عمر نسبت به ششدانگ یک قطعه زمین زراعی جزء پلاک ۱- اصلی به مساحت ۹۲۳٤/۲۶ واقع در روستای کریم‌آباد

۲۱- آقای مهدی عزیزی فرزند رحمن نسبت به ششدانگ یک قطعه زمین زراعی جزء پلاک ۳۷- اصلی به مساحت ۱۰۳۲٤/۲۷ مترمربع واقع در روستای خوری‌آباد

۲۲- آقای محمد حسن‌زاده فرزند کریم نسبت به ششدانگ یک قطعه باغ جزء پلاک ۱۷- اصلی به مساحت ۵۱۵۶/۵۲ مترمربع واقع در روستای کبوله

کاوه پریزادی
سرپرست ثبت اسناد و املاک شهرستان بانه

تاریخ انتشار نوبت اول: ۱۴۰۲/۱۰/۱۶
تاریخ انتشار نوبت دوم: ۱۴۰۲/۱۱/۰۱

تێبینییێك لەسەر ڕۆمانی «سەمای چارەنوس»

ئاکۆ جەلیلیان

بەر لە هەر وتارێک سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی خاتوو "فەوزیە بەشارەت" دەکەم کە مانووەنەناسانە و زانایانە پێ لە پێگەی گەورەکانی دونیای ڕۆمان و نووسین ناوە و لە بەرهەمەکانی خۆی کۆمەڵێ بەردەنگی ئەم بەرهەمە نوێیە بەهرەمەند کردووە. وەک هۆگرێکی زمان و ئەدەبی کوردی کە ساڵیانێکە وشەی کوردی کۆ دەکەمەوە، کۆمەڵێک وشەی ئەبیسترا و ئەنووسراوە و شاهیدمسالم لەم ڕۆمانەدا بەدی کرد و لە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە نوێیە چێژم وەرگرت.

"سەمای چارەنوس" کە ڕۆمانێکی کوردیی گەڕۆس و بێچارە و هەر بەو دیالکتە شیوەپێنەش ڕازاوەتەوە، وەک زۆربەی ڕۆمانەکانی دیکە بە شێوەی "Meta Narratives" (فرا ڕوایت) نووسراوە کە بۆ خۆی جێی سەرنجە. لە ئەساسدا ئەدەبی گێڕانەوەیەک بێت کە نووسەر بە کلکی خامەی خۆی ڕازێنێتەوە. گێڕانەوە یان ڕیوایەت "A narrative" بۆ خۆی کەرەستەی خام و ئەپوختێک لە هزر و ئەندێشەیە کە گێروفێنی هەمووشتێکی نییە و تەنها لەلای هەندێک کەس یان لە بڕێک شوێنی تایبەت وەک بەشێک لە تشنێکی زمانی ماوەتەوە و هێشتاکە ئەبۆتە هەوێنی هزر و ئەندێشەیەک، کە دووبارە بکرێتەوە و پیداچوونەوەی لەسەر بدا بێت دەتوانێ ببێتە بنەمای هزر و خرۆش و شۆڕش و ... ڕێک ئەو ڕوانگەیە کە چەپێکان بە نیسبەتی دەربەدەگایەتی و خاك خانباز بیان بوو کە بووە ڕەوتێک و ئەساسی دەربەدەگایەتیی بێتز کردەوە. "سەمای چارە نوس" ـیش ئاوڕێکی لەم ئەساسە داوەتەوە و هێرشی کردۆتە سەر بنەمای دەربەدەگایەتی و دەسەڵاتداری و بێدەسەڵاتیی خەڵک.

هەموو شتێک لە تابلۆیەکی شیوکاریی پەشێو و خۆ ئاوانیارکردوو بە ناوی "کامیار" کە لە هەمبەری کۆمەڵێک ڕووداوی خۆش و ناخۆش ڕاوەستاوە و تیدەفکری چون هەمووی ڕێک بخات، کە سووکنایی بێت.

هەر ڕەنگ و سووچ و چەمکێک نوێنەری ڕووداوێکە، ئیدی پێویستە زۆر بەپارێزەوە تێگارکیشی بکا هەر چەندەکە هەر ڕووداو و لیفەومانێک بە گۆشت و پێستی خۆی هەستی پێ کردووە و شارەزای هەموویانە بەڵام توانای دەربڕینەوەی نییە و دووگومان ماوە کە ئەمە باشە یان نە. داماگی و لێشیواوی لە ڕەفتار و ئیشکردنەوەکەی بۆ زمان دەردەکەوێ.

نووسەر دەستپێشخەریی کردووە و لە سەرەتادا بەدانانی تابلۆیەک و شیوکارێک، بە شێوەیەکی ئەمرۆژی پەلەپێتکەیەک لە ژەینی بەردەنگ دەدا کە: مەبەست لەم هەموو پەشۆکاوی و سەرلێشێواوییە چیە؟ جا بەرەبەرە بەردەنگ دەباتە نێو دنیای خەیاڵات و ڕووداوەکانی "کامیار" و لێرەوە پەردە لەسەر سەرو چاوی مەبەستەکە لا ئەدات. دیارە نووسەر شارەزاییەکی ئەوا وی لەسەر کلتۆر و زمان و ئەرزتاسیی ناوچەکەی هەیە و ویدەچی هەستێکی قووڵی بە نیسبەتی زمانی دایکیی خۆی هەیە و ئەم هەستە بۆتە هۆکارێک کە بە وردبینی و پارێزەوە لەسەری بدوێ، بۆیە لە هەموو کەرەستەگەلی تشنێکی کەلکی وەرگرتووە؛ هەر لە پەند و ئیدیۆم بگرە تا ئەقل و قسەی پێشینان. کەسایەتییەکانی ڕۆمانی سەمای چارەنوس هەموو خەڵکی لادێ و ئەخوێندەوارن و نووسەر بەیاشی دەزانێت کە تایبەتمەندیی ئاوا کۆمەڵگاگەلێک لە چی دایە (وەک بڕوا بە ئایین، بڕوا بە جن و پەری، بڕوا بە چارەنوس؛ بەڵێ چارەنوس ...) هەر لەبەر ئەم بارودۆخە؛ خەڵک لە دەربڕینی بێبڕوا و هەیبەت و ... ئاوەڵانی و ئەگەریش شتێک بدرکێنن بەنهێنی و پچەپچەوە دەری دەبڕن و خۆیان بە چارەنوس سپاردوون، ئەنانەت کامیاریش کە کەسایەتییەکی خوێندەوار و جیاواز لەوانی ترە، تووشی ئەم گرفتە دەبێت. هەر لە گفتوگۆی "کامیار" و "هەناسە" بگرە تا ئەفراسیاوی مەیتەر و ڕووحال و شوورەنگێز و ... ئەنانەت پاکار و کارەکەری دەزگای "عەتا خان"، هەموویان بە جۆرێک ڕەزامەند نیین، بەڵام توانای دەربڕینەوەیان نییە. لەم ناوە "کامیار" وەک دەرەکییەک دێت و ئالوزکاوی دەخاتە نێو ئەم ئەساسە؛ هەر چەندە کە کارێگەرییەکی ئەوتۆی نییە و تایبەتە ئالاهەڵگرێک، کە چی خۆیشی ئیگەلاوی ئەساسەکە دەبێت. دیالۆگی کەسایەتییەکانی ڕۆمانی سەمای چارەنوس بێوێنەیە. لە عەیبی ساکاری و ڕاستەوخۆیانەیی هزر و هەستی بێژەر دەردەبڕێت. لەوڕا کە "کاك فەرەج" بەسەرهاتی "ئەسمەر" دەگێڕێتەوە و بەردەنگ لە تۆنێوی قسەکانی کاك فەرەجی وەجاغکوێر و ڕەنگە هاوتەمەنانی ئەو کاتەی، ڕاستەخۆ تیدەگا کە هەستێکیان بە نیسبەتی ئەسمەر بووە بەبێ ئەوەیکە خۆی شتێک بدرکێنێ، یان گفتوگۆی ڕووحال و شوورەنگێز لە وەختێ و بێوەختێ کە بۆمان دەردەکەوێ ڕازێکیان پێیە بەڵام لە دەربڕینەوەی ڕاستەخۆیانە ئاناوانن و ئەمە جوانییە دووچەندانی داوەتە ڕۆمانەکە. ئەم بارودۆخە وەک بەردێکی سەر ڕێگا کەوتۆتە بەردەمی هەموان و کەس هەوڵ نادا کە لای بیا یان چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە و لە کوتایی چارنۆس ئەوەیکە تانجوتومار کردووە جێبەجێ دەکا و بەسانی عەتاخان و داموودەزگای هەڵدەپچڕی کە بەرای من پارادۆکسێکی سەیرە! لێرە هزر و بیر وەک دەسپێک و دەسپێچکێک بۆ خرۆش و شۆڕش؛ تێفکرین... پووچەڵە. بۆ لابردنی ئەساسێکی ئاوا بە دەسەڵات و زۆردار (لە بە شێک لە ڕۆمانەکە عەتاخان و داموودەزگای ئەنانەت خوێنی وەوی خۆی لاپۆشانی دەکا، دیارە زۆر بەدەسەڵاتە) هەموو شتێک بەرەڵایە، هزرێک یان بیرۆکەیەک ئەبۆتە هەوێنی شۆڕش و سەرهەڵدان و ڕووخانی ئەم ئەساسە. لەم ڕۆمانەدا کاراکتەری سەرەکیم بەدی نەکرد (ڕەنگە هەر مەبەستی نووسەرپش ئەوە بووە و ئەیویستووە قارەمان بتاشێت) و هەر کامە لەو جەماوەرە بۆ خۆی پرسیپێکی تایبەتیی هەیە. ڕەنگە بڵێن کاراکتەری سەرەکی هەر خودی چارەنوسە کە ڕایەک و وەک "سایە" یەک هاوڕێی کامیارە و ڕایەک خەون و خەیاڵانی هەناسە و ئەوینی بێ سەرەنجامی ئەو و کامیارە. کاراکتەرەکان بەیەک ئەندازە باڵابان کردووە و ئەنها ئەوەی چارەنوس بۆی بۆیانی دابین کردووە، جێبەجێی دەکەن نە زیاتر.

جگە لەم بابەتەی سەرەوە؛ یەک دوو تێبینیی ڕەخنەیی لەسەر ڕۆمانی "سەمای چارەنوس" هەیە کە وەک پێشنیار ئاراستەی دەکەم:

لە دریژەی ڕۆمانەکەدا گەڕانەوە بۆ دواوە (فلاشبەک) لە چەند شوێندا زەقبۆتەوە کە بە وانای سەپاندن و هەبوونی مانادارە ڕاوبیە کە بەرای من ئەشیا وا نەبێت و باشتر ئەوە بوو کە ڕێگەی پێ بدایە ڕەوتی ئاسایی خۆی بەهێوێت. یان لە کوتایی ڕۆمانەکە کە کامیار دێتەوە بۆ بردنەوەی خرت و پرتەکانی، نووسەر هەوڵی داوە کە گەلێک ڕۆمانسی و لە تۆنێوی قسەکانی کاك فەرەج و کلاوزەر هۆکاری کۆچبەربوون و نەمانی عەتاخان و فەوتانی هەناسە بسەلمێنێت، کە بەرای من نووسەر دەیتوانی بە بیچوبەنای کەمتر و کورتتر مەبەستەکە ڕاگوێزێ بەردەنگ بکا.

هەروەها چەند هەڵەی ڕێنووسی تیدایە و یەک لەوانە کە نایی لەسەری نەدویم وشەی (ۆ.ل) بە کە لە چەند دێر دەکار چووە. پێتی (ۆ) بۆ خۆی دەنگدارە و هەروەها کە دەزانین پێتی دەنگدار پەیڕەوی ئاوای بەر و پشتی خۆیە و لەسەرەتای وشە بان ستاکی یەکمی وشە ڕاستەخۆ ئانووسرێتەوە. بەڵام لەوەیکە نووسەر توانیوە لەم ڕۆمانە دیمەنێکی باش بە ڕازێنێتەوە گومانی تیدا نییە و توانیوە بەرهەمێکی ئەدەبیی باش پێشکەشی کتێبخانەی کورد بکا، کە جێی دەستخۆشی و پۆرۆزبایە. بە هیوای بەرهەمەکانی تر لە خاتوو بەشارەت و هیوای سەرکەوتوویی بۆ جەنابیان.

لارێنس ستێرن بە تریسترام شەندییەوە هەرماوە

عەلی حوسەینی

بەر لەسەردەمی ڕینسانس و بەر لەوەی ئالوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فکری، پیشەسازی و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤدا دروست بێت، ڕەنگە تەنیا ئەفسانە و حیکایەتەکان وەکوو پرکەرەوی کەلێنێک لە دەقی داستانی ڕۆلیان دەگێڕا. بە هاتنی ڕینسانس هەموو ئەو لایەنانە گۆڕان و هەڵیان بۆ دروستبوونی دەقێکی مودێرن بە ناوی ڕۆمان ڕەخساند. بەو واتایە کە ژیانی کۆمەڵگە لە هەموو بوارێکدا گۆڕا، بیرکردنەوەی ئاکەکانیش بە چەشنی گۆڕا کە حیکایەت و ئەفسانەکان دادیان نەدا و چێژیان بە تامەزرۆیی مرۆڤ نەبەخشی. پاش سەردەمی ڕینسانس، بە هاتنی دۆزکێشۆت زۆر شت گۆڕان. بە بڕوای زۆربەی بیرۆکەدانەران، دۆزکێشۆت خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ئەدەبی داستانیدا. "میگێل دی سیروانتز"ی ئەسپانیایی ڕەنگە هێچکات بیری لەوە نەکردبێتەوە کە بەرهەمەکەی ئەم کاریگەرییە قورسە لەسەر ئەدەبی جیهان دابنێت.

ڕۆمانی ژیان و بیرکردنەوەی تریسترام شەندی لە نووسینی لاورنس ستێرن(١٧١٣-١٧٦٨)، گەورە نووسەری بریتانیایی، پیدەچی هەم چەشنی دارشتن و زمانەکەی و هەم شیوازی دەربڕینەکەی کاریگەریی دۆزکێشۆتی زۆر لەسەر بێت.

بێجگە لەوەی نووسەر بەردەوام یادی سیروانتز دەکات و سانچۆ پانزا و دۆزکێشۆت دێنێتەوە بیری خوێنەر، خودی خوێنەرپش لە ڕێگەی سەرنجدانی لەحسن و شیوازی دەربڕینەوە بە قووڵی هەست بەم کاریگەرییە دەکات. ستێرن کە بۆ خۆی لە دڵی کلیساوە هاتۆتە دەر و وەک زۆربەی کەسان ڕەنگە سەردەمانێک لە یەک دەلاقەوە بۆ هەموو جیهانی ڕوانیبێت و بەربەستێکی تەستەم بووبێت لە بەرانبەر هەموو چەشنە پێشکەوتن و گەشەیەکی فکری و کۆمەڵایەتیدا، بە شێوەیەکی زۆر قووڵ و سەرنجڕاکێش دەگوزێت (یان ڕەنگە لەوە بەرێش خاوەنی ئەم چەشنە بیرکردنەوە بووبێت و دەری نەخستبێت) و بەرهەلستی هەموو ئەو سەرچاوانەی وا لەوە پێش ئاوی لی خواردۆتەوە دەوەستێت و هەنگاوێکی گەورە بۆ سەقامگیربوونی ژیانی نوێ لە وڵاتەکەیدا هەڵدەگرێت. بەچەشنێ کە بە نووسینی ئەم ڕۆمانە ئارادەیەکی زۆر ئەکەوێتە ناو مەترسییەوە و هەموو بیرێکی پواو بەرهەلستی دەوستێن و بارانی ڕەخنە لە هەموو لایەکەوە دەڕژێت بە سەریدا؛ کە چی ستێرن وەک دەریا وەستاوە و چاوەڕوانی هوروژمی هەموو چەشنە شەپۆلێکە. زۆر جار خوێنەر شەو گومانە دێتە ژەینیەوە کە ڕەنگە پرۆتستانیبوونی نووسەر دەستێکی بارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی تا ئەم ڕادە دەستی ناوەڵا بێت و ئەم هەموو بیرە نوێیە لە ناو کتێبکدا جێ بکاتەوە. بەڵام بە سەرنجدانی زۆرتر، خوێنەر هەست دەکات کە نووسەر ڕەخنەگرێکی بوێرە و بە شێوەیەکی گشتگیر و هەمە لایەنە، هەموو قوژبێنێکی ژیانی تاك و کۆمەڵ دەداتە بەر ئەوری توانج. ئەمە لە حاڵێکدایە کە هێشتا لە ئەوروپا بەگشتی و بریتانیا بەتایبەت، مودێرنیتەی هزری سەقامگیری ئەوتۆی نەگرتووە و پیدەچی سەرهەڵدانی هەر نووسراوەیەکی لەم چەشنە تامێرێک بێت بۆ سەرکوتکردنی هەموو جۆرە بیرێکی نوێ، بەڵام ستێرن وادەردەکەوێ لە بارێ ئەندێشەوە زۆر لە پێش سەردەمی خۆیەوە بێت و بوێری و ئاوانگاردبوونی ئەوەندە جاشاهەڵنەگرە کە لە وشە بە وشەی نووسراوەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. ستێرن زۆر بەدوور لە دەمارگرژی لە هەموو گەل و نەتەوەیەکی دەروانی و زۆر جار هەندێ لە لایەنە بەهێز و لاوازەکانی وڵاتانی دیکە وەک فەرانسە، ئەسپانیا، ئیتالیا و ... دەخاتە بەرچاو و لە ڕێگەی ئاخاوتنی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەوە دەری دەخات، ئایی بە شێوەیەکی دەمارگرژانە لە فەرانسە و وڵاتانی دیکە بڕوانێ. ئەمەش بێجگە لە هەوڵدان بۆ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی، ناتوانێ شتێکی دیکە بێت.

ئەگەرچی ڕاویی ڕۆمانەکە ئەنیا خودی تریسترامە و لە هەموو قوژبێنێک سەر دەدرێنی بە ئەڵام لەو ڕووەوە کە گێڕانەوەکە بەر لە نرانی تووی تریسترام لە لایان دایک و باوکیەوە دەست پێدەکا، شیاوی تێرامانە. خوێنەر پاش ئەوەی چەندین بەشی سەرەتایی ڕۆمانەکەی دەخوێنێتەوە، ئەوسا دێتە سەر ئەو باوەڕە کە نوتفەی ڕاوبیەکە هێشتا بیچمی ئەگرتووە و ئەمەش ئەو باوەڕە دروست دەکات کە کەسێک وەکوو نووسەری دوو سەدە و نێو لەوە بەر لە فکری ئەم چەشنە نوێکاریەدا بووبێت، چی سەرسوڕمانە. ڕەنگە کتێبەکە دێتە نێوە و ڕاوی تازە دەڵێ: "ئیستا ڕۆژی یەکەمی ژیانمە".

ئەم ڕۆمانە لەم بارەوە ئەکری کاریگەریی زۆری لەسەر لانە ئەدەبییە نیزیک و دوور و هەروەها لانە زۆر دوورەکانی دوای نووسەر دا دانابێت. خوێنەر ئەگەر جوان سەرنج بدات بە سەختی ئەتوانێ خۆی ڕازی بکات کە "گۆنتێر گراس"ـی ئاڵمانی لە نووسینی ئەپڵی ئەنەکەدا کاریگەریی زۆری لە لارنس ستێرن وەرنەگرتبێ و ئەنانەت دێر بە دێر ئەم ڕۆمانەی بە سەرنجێکی قووڵەوە ئەخوێندبێتەوە و ئەگەر پێویست بووبێت، یادداشتی هەڵنەگرتبێت.

لە باری جۆنیەتیی قەوارەی دەق و پاش و پێش کردنی دانانی بەشەکان و گەمە و جاوشارکی لەگەڵ خوێنەر و کەم و زۆریی بەشەکان و وشەبازییەوە، وایزانم ئەم ڕۆمانە تاکە ڕۆمانێک بێت کە تیستاکەش هەر بۆنی تازەیووبێ لیدێت. وانە ئەو شتەی وا لەم سەردەمی ئیستادا زۆرێک لە تازە نووسەران بۆ دانانی فۆرم و قەبارە و ئەو شتانە شانازی دەکەن ئەنجامی بدەن، ئەو سەردەمە لە دەستی ستێرندا وەکوو پەرداخێک ئاو بووە. بەڵام گرینگیی کاری ستێرن نە بۆ ئەو چەشنە گەمانە، بەڵکوو بۆ ئەو تازەگەرییە دەگەڕێتەوە کە لەباری فکر و ئەندێشەوە لەسەر ژیانی کۆمەڵگە و هەروەها لەسەر نووسەرانی پاش خۆی دانیا. پاش نیزیک بە سێسەد ساڵ لە نووسینی، ئیستاکەش خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم دەقە هەست بە ئەکتیڤبوونی خۆی لە ناو دەراوکانیدا دەکا. نووسەر لە دێر بە دێری ئەم دەقەدا لەگەڵ خوێنەر دەدوێ و دەیکا بە بەردەنگی ڕاستەوخۆ و بە وشەگەلێ وەک (دادە خانم و کاکە و ئەم جۆرە شتانە) بانگی خوێنەر دەکا و ئەنانەت هەندێ جار دەڵێ "من ئیتر لێرەدا نازانم بڵێم چی و بۆ خۆتان پاش ماوەکەی ئەوا بکەن". نووسەر ڕەنگە بۆ خۆشی هەستی بە گرینگبوونی دەقەکەی کردبێت، هەر بۆیە دەڵێ دەق ئەو دەقەیە کە داهاتوو ان بە گرینگی بزانن و بتوانێت شوێنپێیەکی هەمیشەیی دابنێت؛ کە بی گومان پێشبینییەکەی باش لە ناو دەرهاتووە.

دەربارەی جۆنیەتیی کەسەکانی ئەم ڕۆمانە ساتیریکانە ئەوە بڵێین، خوێنەر پاش بیرێک بەو ئەنجامە دەگا کە سایەتیگەلێ وەک (مام تابی و تریم) کت و مت لە ڕووی دۆزکێشۆت و سانچۆپانزاوە دروست کراون و شێوەی بیرکردنەوە و ئەنانەت خەیاڵەکانیشیان هەندێ جار وەک ئە جووتەیە. نووسەر دەستی بە ڕزێرەی سەرچاوە خوێندنەوەکانی پێش خۆی ڕاگەیشتووە؛ هەر بۆیە خوێنەر لە هەموو سەرچاوەکانی پێش خۆی ئاگادار دەکاتەوە و ناوبان دینی و نموونەیان لی دینێتەوە. ئەم کتێبە ئەگەر چی زانیاریەکی زۆر بە خوێنەرەکانی دەبەخشی، بەڵام لەو ڕووەوە کە نووسەر ڕیستوریەتی هەموو هێزی خۆی بە ئەواوی لەم کتێبەدا نیشان بدات، شنگەلێکی زۆر دەخاتە ڕوو و بەردەوام لەم چلەوە بۆ ئەو چل دەفڕی؛ هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر زۆر جار بە دووی وەرگرتنی زانیاریە پەراوێزەکانەوە بێت و هەندێ جاریش لە ناو دەقەکەدا گوم ببێت و لێی بشێوێت کە خەریکە ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە یان ئینسایکلۆپیدیایەک.

بە سەر هەموو ئەم کێشانەدا ئەم ڕۆمانە هێشتا هەر دەقێکی زیندووە و نووسەر هەوڵێکی زۆری داوە لە ڕووی ڕاوێژی توانجاوی و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانەوە، بەتایبەت کەسایەتییە بەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە وەکوو بۆریک، والتیر شەندی باوکی، مام تابی و تریمەوە بۆ دەستەبەربوونی پێکەوەژیان و لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکان تێکۆشێت و هەروەها هەوڵ بدات کە سێکۆلارپزم لە کۆمەڵگەی بریتانیای گەورەدا سەقام بگرێت. لە ڕێگەی ئەم دەقەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هێشتا بی‌سەوادی و ئەخوێندەواری لەو کۆمەڵگەیەدا وەک دیوەزمەیەک بالی بە سەر هەموو شوێنێکدا ڕاکێشاوە و پیاوسالاربوونی کۆمەڵگەش بەڕوونی لە ڕیی ئەم نووسراوەوە دەردەکەوێت.

بەگشتی تریسترام شەندی دوای تێپەڕبوونی دوو سەدە و نێو بە سەر ئەمەنیدا، هێشتا ڕچەشکێنیی خۆی لە دەست نەداوە و بۆ هەموو ئەو کەسانەی وا لە بواری چیرۆکنووسیدا کار دەکەن و بۆ هەموو خوێنەرێکی خوازیاری زانست شیاوی خوێندنەوەیە.



له مۆنديالی جیهانیی وێنەگری فەرەنسا:

وێنەگری مەهابادی میدالیای زێوینی مسۆگەر کرد

شەمال شەکیبایی، وێنەگری مەهابادی، میدالیای زێوینی کێبەرکێیی جیهانی (wpe award) ناسراو بە مۆنديالی جیهانی وێنەگری فەرەنسا بۆ ساڵی ٢٠٢٣ی مسۆگەر کرد. لەم کێبەرکێیە کە هەموو ساڵێک، لە سێی خۆڵدا و بە میواندارییی وڵاتی فەرەنسا بەڕیوە دەچێت، لە نێو ١١٩٦٤ وێنەگری بەشدرابوودا، نیشانی زێوینی بەشی (reportage photography) بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بە شەمال شەکیبایی، وێنەگری مەهابادی بەخشرا.

بۆ ساڵی ٢٠٢٤:

خەڵاتی ماملێ پێشکەشی شڤان پەرومر دەکرێت

خەڵاتی تایبەتیی مەلبەندی ماملی بۆ ساڵی ٢٠٢٤ و هاوکات لەگەڵ ٢٥ـەمین ساڵوەگەری کۆچی دوایی مامۆستا ماملی پێشکەشی هونەرمەند مامۆستا شڤان پەرومر دەکرێت.

لە دریژەی چالاکیی ساڵانەی ناوەندی هونەری ماملی بۆ دەستنیشانکردنی هونەرمەندی ساڵ، بەرپاریە پاش‌نیوەڕۆی ٢٣ی مانگی ژانفیەی ئەمساڵی زایینی، لە هۆڵی ڕۆشنبیریی شاری هەولێر و لە میانەی مەراسیمێک بۆ یادی ٢٥ـەمین ساڵوەگەری کۆچی دوایی مامۆستای گۆرانیبێژ مجەمەد ماملی، خەڵاتی ساڵانەی ئەم مەلبەندە پێشکەشی هونەرمەندی ناوداری کورد مامۆستا شڤان پەرومر دەکرێت.

"شێوەکارانی کرماشان" چاپ و بڵاو کرایەوە

کتێبی "شێوەکارانی کرماشان" لە توێژینەوە و کۆکردنەوەی مریەم ودوودیان و زەهرا پوورخۆش و بە پێشەکیی د. مەحمەدعەلی سولتانی بە دوو زمانی فارسی و ئینگلیزی چاپ و بڵاو کرایەوە.

کتێبی "شێوەکارانی کرماشان" کە پێکهاتووە کە ژاننامە و بەرهەمی هونەرمەندانی شێوەکار و نیگارکێشی کرماشانی لە سەردەمی قەجەریەوە تا هەنووکە، لە دووتوێی ٤٥٦ لاپەڕە و لە قەوارەی خشتی بە بەرگی گالینگۆڕەوە لە لایەن بڵاوکەی "دە"ـەوە بڵاوکرایەوە.

دوو کتێب لە کتێبێکدا:

"شیعر و سوبیکت و شیعر و دازاین"ـی هاشم سەراج بڵاوکرایەوە

کتێبی "شیعر و سوبیکت و شیعر و دازاین" وەک نوێترین بەرهەمی شیعریی هاشم سەراج لەسەر ئەرکی خودی شاعیر چاپ و بڵاو کرایەوە.

"شیعر و سوبیکت و شیعر و دازاین" ناوی دوو پرۆژەی شیعریی نوێی هاشم سەراج شاعیری ناسراوەی کوردن کە لە دووتوێی ٥٥٠ لاپەڕە و لە قەبارەی ڕۆقعی و لە تیراژی ١٥٠ بەرگ و بە دیزاینی ڕووبەرگ و ناوەوەی عەبدوڵڵا ڕەفیق، لە لایەن چاپخانەی جوار چرای شاری سلێمانی چاپ و بڵاو کرایەوە.

سوبیکت یان سووژە، وەک چەمکێکی لاکانی بە وانای "خود"ـە و "دازاین"ـیش وەک چەمکی هایدگەری، بە وانای (بوون بەرەوشی بەردەوامی گوران)ە.

"مەم و زین" لە سەڵماس چووە سەر شانۆ

شانۆی "مەم و زین" لە دەرهێنانی ڕەسوول بانگین و لە لایەن گرووپی ئەختە سیا، لە هۆڵی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی شاری سەڵماس نمایش کرا.

لەم شانۆیەدا کە بە شێوەزاری کرمانجی و بە وەرگێرانی خاتوو ئەشمیل نزامی ئاراستە کرا، جەعفەر پاکنیا، ماشیدە دارلەکی، تووردج پاکپوور، نیهاد جەعفەری، عیرفان سوهەیلی و پەروین مەلحەمی دەوریان گێڕا.

بتەکانی فرانسیس بەیکن

کەیهان عەزیزی

فرانسیس بەیکن(بەیکۆن)، (١٥٦١-١٦٢٦) یەکێکە لە پەیامهێنەرەکانی ڕانسێی نوێ و یەکێکیشە لە دەستپێکەرە سەرەتایەکانی قوتابخانەی ئەزموونخوازی. ئەو یەکێکە لە ڕەخنەگرانی لۆژیکی ئەرەستۆ، بۆ تێگەیشتن لە واقع جەختی لەسەر ئەزموون و ئاقێلکردنەوە کردووە. لە جیاتی دیدەکشن (قیاس) بایەخی بە ئینده‌کشن (استقراء) داوە. ئەو یە بناخەدارێژی فەلسەفەی زانستیش دێتە ئەژمار. بەیکن ئەو بەربەست و هەڵانەی کە لەسەر ڕێگەی بیرکردنەوەی مرۆڤ خۆیان مەڵاس داوە، بە "بتەکان(Idols)" ناو دەبات. بتیش لێرە خوازەیە، بە واتای وێنایەکی نادروست لە حەقیقەت و جەماڵێکی نابەجێ لە شتەکان. بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبین بەتاگاین لەو بتانە بە زەروورەت دەزانی و بە سەر چوار بتدا دابەشیان دەکات:

- بتەکانی عەشیرە
- بتەکانی نەشکەوت
- بتەکانی بازار
- بتەکانی شانۆ

مەبەست لە بتەکانی عەشیرە وەک یەکەمین هەڵەکانی مرۆڤ، ئەو هەڵانە یان شەو باوەڕە فڕپودەرانەن کە سەرچاوەیان لە بنەڕەتی سروشتی مرۆڤە و ڕگماکین و لە هەموو کەسدا بەدی دەکرێن، بۆیە وشەی عەشیرەیان بۆ بە کار دەبات. زیهن، وەک ئاوێنەیەکی قۆقزە شتەکان بەپێی شێوازی خۆی، نە بەپێی شێوازی شتەکان پیشان دەدات. مەبەست لە بتەکانی نەشکەوت ئەو هەڵانەن کە سەرچاوەیان ڕگماکی نییە بەڵکو کولتوورە و بنیاتیان لە سروشتی ئاگەکەسیی و پەروەردە و سۆزە کەسیەکانە کە لە تاکیکەوە بۆ تاکیکی تر جیاوازن. بۆ نموونە میشکی بەرێک شێکارییە، خوازیاری بینینی جیاوازی و ناکۆکیەکانن، هەندێکی تر چێژ و وێکچوون ڕەچاو دەکەن. بتەکانی بازاریش باوەڕە نادروستە و هەڵەمەکانن لەگەڵ قسەی نەجاویاگ. پانتاکانی ئەم بتانە پەیوەندی خەڵکە لەگەڵ یەکتر بە یارمەتی زوان. وشەکان و دەستەواژەکانیش هاوتەریبی زیهنی خەڵکی ڕەشۆک و نەخوێندەوار دروستکراون، بۆیە وشەکان هەمیشە نائەواون و ئەم نائەواییشە بۆ زیهن و تێگەیشتنی ئێمە بەربەست دروست دەکات. بتەکانی شانۆش، ڕاز و ڕەمزی سیستەمە دروستکراوەکانن، ئەو باوەڕانەن کە سازکراوەکانیان بە حەقیقەت دەزانن و بە خەڵکیان دەنوێنن. شانۆش لێرە میتافۆرێکە بۆ لاسایی‌کردنەوەی واقع. بەیکن پێی وایە هەموو سیستەمێکی فکری و نایدۆلۆژیک شانۆنامانێکن لە میژوودا هاتوون و جیهانی دروستکراوی خۆیان لەسەر ئەختەی شانۆ پێشکەش کردووە. ئەم فەیلەسووفە ساوەری ئەوەیە ئەم بتانە سەرچاوەی هەڵەکانی مرۆڤن کە دواجار ئەم هەڵانەش ئێمە بەرەو فەلسەفەی هەڵە پەلکێش دەکەن. ئەو ئەمە بە سێ جۆر فەلسەفە ناو دەبات: فەلسەفەی سوفیستی، فەلسەفەی ئەزموونی، فەلسەفەی کۆنەپەرەستی.

بەیکن پێی وایە بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبین سەرەتا دەبێ پشت بە ئەزموون ببەستین و خۆمان هەستەکیانە چاو لە واقع بکەین، پاشان لە ڕێی ئەندێشەوە زانیاری و پێداوە هەستەکییەکان ڕێکوپێک بکەین. دەلێت ئەوانەی چەختیان لەسەر ئەزموونە و ئەوەی کۆشش ئەنجا زانیاری کۆ بکەنەوە، ئەوانە وەک مێروولەن. ئەوانەیش ئەنجا لە ئەندێشەیان سوود وەردەگرن چالجالۆکەن کە بەس دەتەنن. ئەوە دەڵێ دەبێ وەک مێش‌هەنگ بێ، کە پاش مژتنی شێرەی گوڵەکان، ئەوەی کۆی کردۆتەوە، دەیگۆڕێت و دەیکات بە هەنگوین.

"کەسانێک هەن ئەنجا سەرقاڵی زانستن، بەرێکی تر پێیەندی ئەزموونن، هەندێکی تر هەڵگری باوەڕی دوگمن. گرووپی یەکەم وەک مێروولەکان کە کاریان کۆکردنەوەیە، گرووپی دووهەم بەڵگەهێنەرەکانن کە وەک چالجالۆکە دەتەنن. بەڵام (هەنگ)، ڕێگایەکی ماماناوەندی هەڵدەبژێرێ؛ واتە کەرەستەی خۆی لە گوڵەکانی ناو باغ و مێرغوزار کۆ دەکاتەوە و بە هۆی هێز و لیهاتوویی خۆیەوە دەیگۆڕێت بۆ شتێکی تر. لە ڕاستیدا ئەمەش کاری ڕاستەقینەی فەلسەفەیە. چون فەلسەفە نە بە تەواوی گرێدراوی ئەندێشەیە، نە بە تەواویش جەریکی کۆکردنەوە و پاراستنی ئەو زانیاریانەیە لە یادگەدا وەک ئەزموونی میکانیکی؛ بەڵکوو، هەمووی ئەمانە لە ڕێگەی قام و تێگەیشتنەوە دەکاتە یەشێک لە خۆی و دواجار دەیگۆڕێت. بۆیە بۆ پێگەیشتن و پێکەوەبوونی ئەم دوو هێزە، واتە (ئەزموون) و (ئاوەز) کە تا ئێستە ئەهاتۆتە ئاراوە، دەکری هێوایەکی زۆر هەبێت".

بەیکن پەیوەندی ئەم دووانە بە مێژدیک دەبینی کە دەکری بە بێی هیچ پێشبڕ و پێشبڕیارێک سروشتی پێ بخوێنێتەوە و "سروشت" ڕاقە بکەین. دیارە ئەم ئاوانەی بەیکن، واتە پێگەیشتنی دوو ڕووباری ئاوەزخوازی و ئەزموونخوازی لە کانتدا یەدی دێت و ئەم دوو ڕووبارە دەڕژێنە دەریای فەلسەفەی ئەمانوئێل کانتەوە. بۆیە لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستە فەلسەفین و فەیلەسووفان لە ئاوی ئەو دەرپادەخۆنەوە.

ژێدەر:

- کاپلستون، فردریک (١٣٨٨). تاریخ فلسفە، ترجمە ابراهیم دادجو، جلد سوم، بخش بیکن، تهران: انتشارات علمی فرهنگی.
- تقیپزادە، میرعبدالحسین (١٣٦٧). فلسفەی کانت، قسمت فرانسیس بیکن، تهران: نشر آگاه.

میلیتۆس یەکەم قوتابخانەی فەلسەفە لە میژوودا

دڵشاد کاوانی

پێشەکی

قوتابخانەی میلیتۆس کە هاوکات بە قوتابخانەی ئایۆنیش ناسراوە، وەک کۆنترین قوتابخانەی فەلسەفەی خۆرئاوایی لە میژووی فەلسەفەدا، لە ئەناڵۆل و لە ناو تورکیای ئێستا و لەژێر هەژموونی فەرمانڕەوایەتی یۆنانی کۆندا لەدایک بووە. ئەم قوتابخانە پێش-سوقراتیە سەرەڕای کاریگەری‌داتانی لەسەر قوتابخانەکانی سەردەمی سوقرات، بە هۆی پرس و لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر سروشت و کۆمەڵگە و ئەخلاق و تایبەن و هەوڵی ڕوونکردنەوەی بنەڕەتیان لەسەر پرەنسیپی سروشت، لە ئەوروپای کۆندا بە فەیلەسوفانی فیزیایی یان سروشتی دەناسرێن؛ فەیلەسوفانێک کە جیهانیان بە کۆسمۆس دەدی؛ واتە شتێکی ڕێکوپێک کە لە ڕێگەی لیبرسینەوەی ئەقڵانییەت شیاوی تێگەیشتنە.

فەلسەفەی میلیتۆس لە سەدەی ٦ی پێش زایین لەسەر دەستی سێ کەس لە خەڵکی شاری میلیتۆس بە ناوەکانی تالیس، ئاناکسیماندرۆس و ئاناکسیمینیس بونیادنرا. هەر سێکی ئەم فەیلەسوفانە دەیانویست کۆتایی جیهان دەستنیشان بکەن و ئەو ماکە سەرەتاییە دیاری بکەن، کە هەموو شتەکانی تری لی دروست بووە. پێکهاتەی بوون بە لای تالیسەوە (ئاو)، بە لای ئاناکسیماندرۆسەوە ئاپەیرۆن (هەمیشەیی) و بە لای ئاناکسیمینیسەوە (هەوا) بوو.

- تالیس

تالیس (٦٢٣/٦٢٦-٥٤٥/٥٤٨ی پ.ز) زانای ماتماتیک و ئەستێرەناس و فەیلەسوفێکی پێش-سوقراتیی خەڵکی شاری میلیتۆس لە ئاسیای بچووک بوو (کە ئێستا کەوتۆتە ناو تورکیا). تالیس یەکێکە لە حەوت فەیلەسوفانی کلاسیکی یۆنان کە بە گوێرەی زۆربەی میژوونووسان و بیرمەندان و لەوان ئەرەستوو بە یەکەم فەیلەسوفی جیهانی مرۆڤایەتی دادەنرێت. ئەم گریمانە بە ئەگەر واش نەبێت، لەباری میژوویەوە ئەو بە یەکەم کەس دادەنرێت لە کەلتوری خۆرئاوایدا کە پرزایبێتە سەر فەلسەفەی زانستی. دیارە تالیس بیروڕاکانی ئەنوسیوە و لە ڕێگەی ئەرەستوو (کە خۆی سەرچاوەیەکی جێی متمانەیە لە فەلسەفەی کۆندا)، زانیاریمان لەسەر دەست دەکەوێت.

تالیس بەوە ناسراوە کە بەکارهێنانی ئەفسانەکانی بۆ ڕاقەی جیهان و گەردوون بە لاوە ناو وەک ئەوەی لە زانستی ئەمڕۆدا دەکرێت، دیاردە و شتە سروشتییەکانی بە گریمانە و تیۆریی سروشتخوازانە ڕاقە کرد. هەموو فەیلەسوفانی پێش-سوقرات بۆ ڕوونکردنەوەی سروشت کەوتنە شوێن گریمانەکانی تالیسەوە. ئەوانیش ڕێک وەک تالیس لە جیاتیی شەوەی دەستەوداماتی ئەفسانەکان بن، پێیان وابوو ئاقە جەوهەرێک لە هەموو شتێکدا هەیە و سروشت لەوەوە دێت، ئەرەستوو دەڵێت: ئەو جەوهەرە بە لای تالیسەوە ئاو بووە.

لە بیرکاریدا، تالیس زانستی ئەندازەی بەکارهێناوە، بۆ پیوانەکردنی بەرزی هەرەمەکانی میسر و دووری کەشتییەکان لە کەناری دەریاوە. هەروەها بە یەکەم کەس ناسراوە، کە بۆ یەکەمین جار دۆزینەوەیەکی بیرکاری دراپێتە پاڵ.

پێش تالیس ئایۆنیەکان پێیان وابوو، کە هەموو شتێک لەلایەن خوداوەندەکانەوە پڕانی بۆ دانراوە و کۆنترۆڵ دەکرێت. تالیس لەبری ئەوەی لە ڕێگەی خوداوەندەکانەوە لە فۆرمی مرۆڤدا دیاردە سروشتییەکان ڕوون بکاتەوە، هەوڵیدا لە ڕێگەی چاودێری‌کردنەوە ڕاستییەکان بەدەستبهێنێت. ڕەنگە هەنگاوی بەکەمی لە پێکهاتنی بیری زانستیدا هەڵگرتبێت. ئەو هاوکاتی چاودێری‌کردنی شاو، لێکۆڵینەوەی لە کەشوهەوا و ئاسمانیش کردووە. توێژینەوەی لەسەر دۆزینەوەی ئاراستە لەلایەن ئەستێرەکان و ڕاگیشانی موگناتیسی و ... کردووە و تیۆری بازنە و گۆشەی پێڕەپیداوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە تالیسی میلیتۆس جگە لەوەی، فەیلەسوف بووە، پیشەکار و فەلەکناس و "یەکەم ئەندازیاری ئاو" بووە.

- ئاو سەرچاوەی ژیانە

ئەو جەختی لەوە بوو بزانێت کە مادەی بنەڕەتی و بنەمای هەموو شتێک چییە. دیارە بی ئەوەی بە هایەک بە ڕوونکردنەوە ئەفسانەییەکان بدات، لێکۆڵینەوەی لە کاریگەرییەکانی ئاو لەسەر سروشت کردووە و لە ئەنجامی تیبینی و لێکدانەوە زیرەکەکاندا، بیرۆکەیەکی سەبارەت بە بیرۆکەی بنەڕەتی هەموو شتێک لە سروشتدا هێنایە ئاراوە. لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەرەستوو ڕایانگەیاندووە کە لای تالیس میلیتی ئاو جەوهەر(گرۆک)ی هەموو شتێکە و هەموو شتێک لە ئاوەوە دەست پێدەکات.

ئەمەش دوای ئەو گەشتە ١٠ساڵیەی دێت کە بۆ میسری کۆن کردی، لێکۆڵینەوەی لە هەڵکشان و داکشانی بۆ ئاوی نیل کرد و چەندین جیاوازی سروشتی و زیندەوەری تازەی لە نیل دۆزیەوە، کە لە ساوەی ڕابردووی لە نیلدا نەبوون و سەریان هەڵدابوو. دوای پشکنینی ئاو، تالیس گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئاو کە ئەمردووە، بەڵکو لەبری ئەوە، مادەیەکی ژیانبەخشە کە دەتوانێت هەر فۆرمێک وەرگرێت و یگانە هەموو شوێنێک. ڕەنگە ئەمڕۆ پیمان وابێت ئەم بیرۆکەیە هەڵەیە، بەڵام ئەو "هەنگاوی یەکەم"ی تالیس، ئەو گەرانە بە دوای "جەوهەر/ گرۆک"دا، هەم وەک باوکی فەلسەفە گەرەنتی دەکرد و هەم ئەوانەی دوای ئەو هاتبوون زیاتر لێکۆڵینەوەیان لە کێشەکە کرد، هەموو ڕیگەکەیان بردە خوارەوەی ئەنژم. هەڵبەت لایەکی ئەم بۆچوونە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قبوڵکردنی ئەو بیرۆکەیەی کە ژیان لە ئاوەوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ دوای لە سەردەمی ئەودا هەموو شوێنەکان بە ئاو گەیارۆ درابوون و وشکاییەکان لە پاشەکشی ئاوەکانەوە دەردەگەوتن و دەبوونە شوێنی ژیان.

- ئاناکسیماندرۆس

دووەم فەیلەسوفی قوتابخانەی میلیتۆس لە دوای تالیس ئاناکسیماندرۆس (٥٤٦-٦١٠ی پ.ز) بوو، کە ئەویش خەڵکی میلیتۆسی ئایۆنیا بوو. ئەویش هەر وەک تالیسی مامۆستای، بە دوای دەستنیشانکردنی ئەو ئاقانە واقیعە شاراوە و بنەڕەتییەوە بوو کە پێیان‌دەوت "ئارخی" و لایان وابوو کە هەموو شتەکانی ناو ئەم دنیایەی لی دروست بووە. هەر ئەوەی کە بەلای تالیسەوە (ئاو)ە، بە لای ئاناکسیماندرۆسەوە جەوهەرێکی بێسنوور یا (ئاپەیرۆن) بوو. ئاناکسیمینیس و پیتاگۆراس دوو قوتابی ناسراوەی ئەون کە یەکەمیان تیۆریی مامۆستاکانی خۆی دا بە دواوەو و گوێی هەموو شت لە سروشتدا لە هەوا یا (هەڵم) دروست بووە؛ ئاگر هەوای ئاسکەوبووە، ئاو و خاکیش هەوای خەسەوبوون. هەرچەندە ئێمە زۆر شت لەبارەی ژیانی ئەوەوە نازانین، بەڵام بە ڕەهەمەکانی دەزانین. چونکە ئاناکسیماندرۆس بەپێچەوانەی ئالیسەوە، فەیلەسوفێک بوو کە پێشەنگ بوو لە ئەرێتی نووسینی بیرۆکەکانی؛ گەرچی ئەنیا بەشێک لە بەرهەمەکانی ماونەتەوە، پاش مەرگی، لە بەڵگەکانی میژوودا چەند شتێک لەبارەیەوە دەدوزرێتەوە کە تا ڕادەیەک دیمەنی ئەو پیاوە دەردەخەن.

ئاناکسیماندرۆس، فەیلەسوف و سروشتناسێکی سروشتی، لەسەر بنەمای تیبینییەکانی پەرەی بە بۆچوونەکانی خۆی داوە. بە وانایەکی تر، ئەو لەبری توخمە ئەبستراو و خەیاڵییەکان، لایەنگریی لە لایەنی بینراوی سروشت دەکرد.

ئاناکسیماندرۆس کاتژمێری خۆری داهێنا، لێکۆڵینەوەی لە مانگ و خۆرگیران و هۆکارەکانی بوومەلەرزە کرد. هەروەها ئەو یەکەم کەسە کە هەوڵی نەخشەی جیهانی و مۆدێلی گەردوونی داوە و نەخشەیەکی بۆ جیهان کێشاوە کە زانستی جوگرافیای گەلێک خستۆتە پێشەوە و پێی وابوو کە دونیا سلندەرێکە لە پانتاییەکەی گەورەتر کە لە ئاوەندی گەردوونە.

ئاناکسیماندرۆس بە یەکێک لە لایەنگرە سەرەتاییەکانی زانست دەژمێردرێ و هەوڵی دەدا بە چاولێکردن و ڕوانین گەردوون شرۆڤە بکات. ئەو دەیگوت: "هەر وەک چۆن یاساکان حاکمن لە کۆمەڵگەدا، لە سروشتیشدا یاساکان ژالن، هەر شتێک کە هاوسەنگی سروشت بشزانێت، بەر ناکات".

وەک زۆرێک لە هزرڤانانی سەردەمی خۆی، فەلسەفەی ئاناکسیماندروس لق و پۆپی زۆرە. لە ئەستێرەناسیدا تیکۆشا، میکانیکی تەنە ئاسمانییەکان لە پیوەندی لەگەڵ زەویدا شرۆڤە بکات. لە فیزیکدا، گریمانەی ئاپەیرۆن کە دەیگوت بێستوورە و سەرچاوەکەی هەموو شتە، فەلسەفەی یۆنانی بەرەو ئەرزیکی نوێ بردلە دەرەنجامی تێگەیشتنەکانەوە.

- حەوت ڕەگەزی گەردوون لای قوتابخانەی میلیتۆس

پیگرمان فەیلەسوفەکانی میلیتۆس تەنیا لەمانەدا ستوودار نەبوون. هاوکات دوای قوتابخانەی ئایۆنی، لوسیپپوس و دیموکریتۆسی میلیتۆسیش لێکۆڵینەوەیان لە یەکەم توخم جەوهەریی پێکهێنەری هەموو شتەکان کرد و پێشنیاریان کرد کە ئەو چوار توخمەی کە بە بنەڕەتی دادەنرێت (هەوا، ئاو، زەوی و ئاگر) دەکری بۆ یەکە بچووکەکان دابەش بکرێت. ئەوان ئەو بیرۆکەیان پێشنیار کرد کە مادە لە تەنۆلکەی زۆر بچووک و دابەشنەکراو پێکهاتووە و ناوی (تەئۆم)یان بەم تەنۆلکانە ناوە، کە بە وانای (لەناوئەچوو) دێت. بەم شێوەیە لوسیپپوس و دیموکریتۆس بوونە هۆی ئەوەی کە ئێستا بە "تەئۆمناسەکان" ناسراون. بە بڕوای تەئۆمناسەکان هەموو شتێک لە گەردوونداە لە تەئۆمی بچووک پێکهاتووە، کە هەستەکان هەستیان پی ناکەن و ناتوانرێت زیاتر بشکێنرێن. تەئۆمەکان بێشومار بوون و بە پۆشایی ناسمانداە دەجوڵان. نزیکەی پێش ٢٥٠٠ ساڵ تەئۆمناسەکان دڵنیابوون لەوەی کە بنەمایەکی نوێ بۆ زانست زیاد دەکرێت کە بناغەی فیزیای ئەمڕۆیە.

کەچی لە کۆتاییەکانی ١٨٠٠ و ناوەڕاستی ١٩٠٠دا دەرکەوت کە تەئۆم بچووکترین تەنۆلکە نییە، بەڵکو تەئۆم لە ئەلکترۆن و پرۆتۆن و نیوترۆن پێکهاتووە، کە پێیان دەوترێت تەنۆلکەی ژێر تەئۆمی لە مێشکی مرۆڤەکانی جیهانی فیزیادا. بەڵام ئایا ئەم تەنۆلکە ژێر تەئۆمیانەش ڕێی دابەشبوونیان هەیە؟ ئەمە ئەو پرسیارە کە فیزیازانەکان لەوساوە ورووژاندووە. بۆیە دوای ماوەیەک دەرکەوت کە ئەنانەت بچووکترین پرۆتۆن و نیوترۆنەکانیش لە پێکهاتەی تەئۆمەکەدا لەناو نەچوون. ئەمڕۆکە کانی باس لە تەئۆمەکان دەکەین، مەبەستمان "کوارک و لیپتۆن"ە و ئێستا دەپرسین "ئایا کوارک و لیپتۆنەکان خراپ دەبن، یان تەنۆلکەی بچووکتر هەن؟". دیارە ئەمەش لە خۆیدا پرسیارێکی نوێیە بە لای زانایانی فیزیاوە.

قوتابخانەی میلیتۆس و بۆزینەوەی مادە

سەرگەرمییە زانستییەکانی مرۆڤ لە ٦٠٠ ساڵ پێش زایین لە میلیتۆسەوە بە شارەزووی دۆزینەوە و ڕوونکردنەوەی سروشتی ماددەوە دەستپێکرد. وانە لەو ساوە کە ئالیس، وەک یەکەم فەیلەسوفی کۆن دژی ئەفسانە وەستا و هەوڵیدا بە زانستی چاودێریی‌کردن دیاردە سروشتییەکان ڕوون بکاتەوە. بەم شێوەیە هزر و بیرکردنەوە کوالیتییەکی فیکری و زانستی بەدەست هێنا و وازی لە ئەفسانە هێنا. ئەم ڕوانگە نوێیە کە ئەو و پێچەوانەی بەکترە، ڕێگەی بۆ هێنانەکایەی تیۆری نوێ بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لە گەردوون کردەوە.

کەواتە فەیلەسوفانی ئەنادۆل لە قوتابخانەی میلیتۆس لە خۆرئاوای ئەنادۆل هەوڵیان دا بە چاودێریی‌کردنی سروشت، گەردوون ڕوون بکەنەوە. بۆیە میلیتۆس، وەک ئێستا پێی دەوترێت، ناوی ناوەندی زانستی وەرگرتووە. بەمجۆرە پرسیاری "چی مادە پێکدەهێنێت و ئایا دەتوانرێت مادە دابەش بکرێ بۆ بچووکترین بەشەکانی؟" بۆ سەرگەرمییەکی نوێی مرۆڤ و ڕێگەی بۆ زانستی چالاک خۆش کرد. فەیلەسوفەکان لەم پرۆسەیەدا کە لە تالیسەوە دەست پێدەکات و لە ڕێگەی لوسیپوسەوە بەردەوام دەبێت، لەسەر بنەمای ڕاستییەکان وەک پێشەنگەکانی زانست ناسراون و دواجار دەبێتە ڕێنما و تیلهامی لێکۆڵینەوە و تیۆرییەکانی گالیلۆ و نیوتن و ئەینشتاین و زانایانی دیکە. بەو پێیە هەڵەمان نەکردووە گەر بڵێین فەیلەسوفانی ئەنادۆل ڕۆلێکی گرنگیان هەبووە لە گۆڕینی چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتیدا.

دەرەنجام

لە دەرنجامی ڕوانینمان بۆ یەکەم سەرهەڵدانی ڕامان و قووڵبوونەوە لە چەمکە بوونییەکان، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چۆنە لە لیواری خاکەکانی دوو کێشوەر و لە نێوەندی خۆرهەڵات و خۆرئاوا یەکەم قوتابخانەی فەلسەفی و تیۆکریتی بیرۆکەی زانستی سەرهەڵدەدات؟ ئەویش لە ڕۆژانێکدا کە ئەو ناوچەیە لەسەر خاکی یۆنانی بووە و ئێستاش پاڵی داوەتەوە خۆرهەڵات و ئەو وڵاتێکی ئاسیایی ئەوە ئەوروپایە.

